# فرۆنتپەیج بە کوردی

| | | |
|---|---|---|
| نووسەر : ئاسۆ نادری | چوارچێوە ئامادەکانی فرۆنتپەیج | 2004-07-28 |

لەم وانەیەدا چۆنیەتی بەکارهێنانی چوارچێوە ئامادەکانی نێو فرۆنتپەیج شیدەکەمەوە.

چوارچێوەکانی نێو فرۆنتپەیج زۆر زۆر ئاسانکاری بۆماڵپەڕ دروستکەر دەکەن و لە نووسینی کۆدەکانی بە زمانی HTML دووری دەخەنەوە. چونکە ئەو چوارچێوانە ئامادەن و تەنیا پێویستیان بەوەیە کە تۆ بەو شێوەیەی کە خۆت دەتەوێ ڕێکیان بخەیت. لەم وانەیەدا چوارچێوە Frame دارەکان شیدەکرێتەوە.

فرۆنتپەیجی 2003 بکەوە، پاشان پێویستمان بەوە هەیە کە لیستەی تایبەت بە چوارچێوەکان دەربخەین ئەگەر نییە، بۆیە کرتە دەکەینە سەر View و پاشان هێمای ڕاست لەتەنیشت Task Pane دادەنێین ئەگەر لێی نەبوو،




پاشان لە لای ڕاستی پرۆگرامی Front pageەوە لیستەکە دەردەکەوێت، لەسەرەوەی بەشی لای ڕاستدا کرتە دەکەینە سەر New و New ی دووەم چالاک دەکەین:




شێوەکەی لای ڕاست دەگۆڕێت، کرتە بکە سەر More Page Templates.




ئێستا پەنجەرە و پیشاندەری تایبەت بە چوارچێوە ئامادەکان دەکرێتەوە،




<2 لە نێو بەشی دیاریکراوی ژمارە 2 دا شێوە ئامادەکان دەردەکەون، کرتەیان لێبکەو ئەوەیان هەڵبژێرە کە لەگەڵ بیرو خواستت دا دەگونجێ و دەتەوێ لە ماڵپەڕ دروستکردندا بەکار ببەی، من Header بۆ تاقیکاری هەڵدەبژێرم، کە بریتییە لە دوو بەش: بەشی سەرەوە و بەشی خوارەوە.

ئەو چوارچێوانەش لە Frame پێکهاتوون، بۆ نموونە Header لە دوو Frame پێکهاتووە




<3 لە نێو خانەی دیاریکراوی ژمارە 3 دا دەتوانی پێشبینی ئەو چوارچێوەیە ببینی کە کرتەی لێدەکەی لە نێو بەشی ژمارە 2 دا.

پاش ئەوەی کە چوارچێوەکەت هەڵبژارد، OK کرتە بکە. من Header ـم هەڵبژاردو ئێستا بە ئارەزوی خۆم دەستکاریەکی سەرەتایی دەکەم،




بە دوو شێوە دەتوانی دەستکاری بکەیت:

یەکەم: دروستکردنی Frame ـەکان لە هەوەڵەوە، کە خۆت وەک ئیشێکی نوێ دروستیان بکەیت. دووگمەی ژمارە 4.

دووەم: بەشێوەیەک کە پەڕەیەکی پێشتر دروستکراو لە نێو ئەو Frame ـە دابنێی. دووگمەی ژمارە 5.

من وەک ئیشێکی نوێ دروستم کردو پاشان چەند بەستەرو نووسینێکم تێدا داناون. ئێرە کرتە بکە بۆ بینینی نموونەی وانەکە.

چاپکردن

http://fp.all4kurds.net فرۆنتپەیج بە کوردی